

(بی بی سی)دەکەم، ئەمە نزیکەی هەشت ساڵە ئەو وتارانەی باشن، باوەڕبکە گەنجی کوردو خەڵکی کوردو ڕۆژنامەنووسی کوردی شتی زۆر زۆر باشیان نوسیوە، پێش ئەوەی ئەو کارەساتەی هەڵەبجە روبدات، خەڵك وتیان مەیەنە هەڵەبجە کارتان بۆ نەکردوین، گەنجەکانمان پرۆژەو سەنتەرمان دەوێت، ئێمە ناتوانین ژن بێنین، چاوەڕێی ژیانو پاشەڕۆژمان نیە لەم وڵاتە بۆیە دەچینە دەرەوە، هەندێ بەرنامە بکەن بەتایبەت بۆ ئێمە، گوێمان لێ بگرنو رامان وەربگرن، بەم شێوە خەڵکانی تر وا دەڵێن، پرۆژەی ئابووری وایە، با ئابووری خۆمان ببوژێنینەوە، شتی دەرەکی نەهێنین، بۆ نموونە کەس گوێمان لێ ناگرێت، با بێینە سەر ئەوەی مرۆڤ چیە، ژیانێکی کاتی لێرە هەیە، هەموو ئینسانێ کەبیردەکەینەوە عەقڵمان هەیە، مەسەلەن عەقڵ بەشێکە لە ئەخلاقەوە، کە مرۆڤ کۆمەڵگەیەکی عەقڵانی نەبێ ئەخلاقیش نابێ، واتە دینو ئەخلاقو عەقڵ بەیەکەوە زۆر زۆر نزیکن، کۆمەڵی ئێمە هەمووی ساختەیە، رۆژنامەو بۆشنبیرەکانی ساختەن، چونکە هەموو لەسەر درۆ دامەزراوە، بۆچی جنوبی ئەفریقا وا ژیایەوەو بۆتە نموونە، ماندێلایان بە پێغەمبەر دەزانی، ئینگلیزەکانو سپییەکان کە دوژمنی بوون ناتوانن بڵێن ئەو کابرایە سیفەتی پێغەمبەرایەتی نیە، سەلماندی کە بۆ میللەتەکەی ئیش دەکات، ئەو کاتەی لە زیندان هاتە دەرەوە وتی تاوان دورکەوە لەو میللەتە، خەڵك یەکتری کوشتووە، تەعەدای شەرەفی کردووە، بەڵام ئێمە دەبێ چارەسەری بکەین، هەموو وڵاتانی عەقڵ، عەقڵ واتا یاسا، یاسا واتا ئێمە ئیرادەیەکمان هەیە وەکو مرۆڤ، یاسایەکیان دەرکرد بەناوی یاسای راستیو ئاشت بوونەوە، تۆ ناتوانی میللەت ئاشت کەیتەوە راستیەکان دەرنەکەون، کێ تاوانو تەعەدای کردووە، یەکێ لەوانە داوا خرایە سەر ژنەکەی ماندێلاو ژنەکەی تەڵاق دا، لەسەر شتێکی زۆر زۆر سادە، لەکاتێکدا من لە ئەوروپا بووم، کە ئەو (٢٥)ساڵەی لە زیندان بوو، ئەو ژنە قوڕ بەسەرە گەنج بوو، ئەو سەرکردایەتی خۆپیشاندانی دەکرد، دەوری دەبینی کەچی دوای یەکەم شت ئەو محاسەبەی ژنەکەی خۆی کردو دەریکرد، لەبەرئەوە یەکەم شت کە ببێ راستیە، راستی ئێمە مێژوویەکی پڕ تاوانە، مێژووی براکوژی، ئەو میللەتەی ئێمە ئەنفال کرابوو کەحیزبەکان گەڕانەوە،٤٠٠٠ هەزارلادێمان نەمابوو،(٢٠٠٠٠٠)هەزار کەسمان لە ژێر قەبردا بوو، واتە لەوقۆناغەدا کێ چاوەڕێی دەکرد بێت شەڕی براکوژیت بەسەرمیللەتەکەماندا بسەپێنێت، ئایا ئەمریکاو تورکیا پێی کردن، تاوانی خۆیانە عەقڵیەتی دواکەوتووی خۆیانە ئەم شەڕی براکوژیەیان بەسەر خەڵکدا سەپاند، ئەو تاوانانە قەڵەم شەرم دەکا بنوسرێن، ئەو تاوانانەی بەرامبەر یەکترو زیندانیەکانی خۆیان کردووە لە زینداندا، چەند کەس دەربەدەربوون، ئەم هەموو تاوانانە بڵێی هیچ نەبوو تەواو، نا شتی وانیە، مێژوو وانالێ، دەبێ ئەوان بێن بڵێن، یەکەم شت بمانەوێت ئەو شتانە چارەسەر بکەینو حکومەتمان هەبێت، پێویستە بڵێی ئەو تاوانانە کراون بەرامبەر میللەت، ئەو قانونەی بۆ بەعسیەکان دانرا، با یاسایی راستی ئاشتبوونەوە بۆ کوردستان دانرێت، پەرلەمان دەری بکات کێ دەعوای هەیە، لەسەر هەر کەسێ لە مام جەلالو کاك مسعودەوە تا پێشمەرگەیەك، تەعەدای شەرەف کراوە، ماڵ دزراوەو خەڵك دەربەدەرکراوە، ئەو هەموو گەنجە سێ نەوە گەنج دەربەدەر کراوە، چەندەها ژن لە ئاوەکاندا خنکاوە هەمووی خەتای ئەو دوو حیزبەیە، تا یاسایەك دەرنەچێت کە دادگەری هەیە بە هیچ شێوەیەك جێگەی متمانە نین، کەواتە یەکەم شت یاسای راستیو ئاشت بوونەوە دەربکرێت، کە ئەو تاوانانەکراونو لێی پەشیمان ببنەوەو تیعترافی پێ بکەن، دووەم دەستوور، هیچ وڵاتێك بێ دەستوور نیە، کە وتت وڵات دەبێ دەستووری هەبێت، بۆ دەچی شەش مانگ شەڕی دەستوور بۆ عێراق دەکەیت، بۆ بۆخۆی ناکەیت، کێ ڕێگەی لێ گرتووی کوردستان دەستورێکی دیموکراتیو مرۆیی هەبێت، دەستوور پێت دەڵێ ئێمە وەکو میللەتی کورد چۆن بژین، دەمانەوێ چۆن حوکمی خۆمان بکەین، دەسەڵاتەکان چی بن، سەرۆکی هەرێمو وەزیرەکانو میللەت چ دەسەڵاتێکی هەبێت، ئازادیەکان چی بن، ئەو کاتە میللەت هەست دەکا خاوەنی قەزیەکەیە، ئەو گرفتانە چارەسەر دەبن، مەسەلەن تورکیا(٨٠)ساڵە، ئەو مەسەلانەیان چارەسەرنو دەستووریان هەیە، ئەو گرفتە چارەسەر بوو، ئایا سەرۆك کۆمارەکە ئیسلامی بێ یان عیلمانی. سێ هەم هەڵبژاردن، ئەو هەڵبژاردنەی حیزب دروست دەکات، ئەمە هەڵبژاردن نیە، ئەمە دامەزراندنە، دژی بنەماو ئەخلاقی دیموکراتیە، لە هیچ شوێنێکدا حیزب ئەندامی پەرلەمان دانامەزرێنێت، هەڵینابژێرێو نایگۆڕێت، دەبێ دائیری بێ، خەڵکی قەڵادزێ خۆیان نوێنەرەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن، بەرپرسە لەبەرامبەریان، کەواتە دەبێت هەڵبژاردنی تازە بکرێت، لە هیچ شوێنێکی جیهاندا ئیعتراف بە پەرلەمانی کوردستان ناکرێت،

چوارەم، دیموکراتیەتی ناوخۆیی یەکجار گرنگە، هەر شارە هەر ناوچەو گەڕەکە خۆی بتوانێ نوێنەرانی خۆی هەڵبژێرێت، خەڵکە محەلیەکە خۆیان بریاردەدەن چ پرۆژەیەکیان هەیە، لە ئاو، کارەبا، خوێندن، ڕێگاوبان، ژیاندنەوەی پرۆژەی ئابووری، کلتوری، خەڵك خۆی بڕیاردەدات چی دەوێت، نەك لەسەرەوە بریار بدرێت، پێویستیو بریاری خەڵك دەبن بە پرۆژە، بودجەی بۆ دادەنرێتو ئەو بودجەیە دەدرێتە دەست خەڵکەکە، ئەندامانی ئەنجومەنەکە بریار دەردەن، چۆن سەرف بکرێو چاودێری دەکەن، کەواتە نابێ بودجە لەدەست حیزب دابێت، دەبێ دەسەڵاتی حیزب بەسەر ئابوریدا لابرێت، حیزب نابێ دەسەڵاتی ئابووری هەبێت، دەسەڵاتی ئابووری بدرێتە میللەت لەرێگەی ئەو لیژنە محەلیانە، چوارەم، مەسەلەی ڕاگەیاندنە، بەپارەی میللەت، شتی وا هەبووە بەپارەی میللەت وەسفی خۆتی پێ بکەیت، لە هیچ ولاَتێکدا هیچ خاوەن لەگەڵی رانەبوێرن، کە رەدی ئەوەی نەدایەوە، بۆیە شتێکی ئاساییە، جا بزانە بێ ئەخلاقی بگاتە ئەو رادەیەی کە ئەمە لەولاَتی ئێمەدا قبوڵ بکرێت، کەسێ دابمەزرێنی ئیللا تۆ تەماحی تێدا بکەیت، یاخود بگاتە ئەو رادەیەی پرۆژەیەك بدرێتە پەرلەمان زەواجی میسیار، ژن هێنان بۆ رابواردن ئەم کلتورە غەریبانە دێنە ناو کلتووری کوردیەوە، ئەمە کێ کردیان هەموو هی شانزە ساڵی گەندەڵیو براکوژی ئەم دوو حیزبەیە، کە ئەم گەندەڵیەیان دروست کرد، لەبەرئەوە دەڵی پیاو سالاریو عەشیرەتیە نا، بەهیچ شێوەیەك شتی وانیە، ئەمە کۆمەڵێ بۆشنبیری بیر بۆش ئەم قسانە بەکاردێنن، پاساو دێننەوە، نا نەبوونی نامرۆڤیو دادگەریە، شەشەم خاڵ لێرە شتێ هەیە، پێ ی دەوترێت دەرفەتی یەکسان، دەبێ یاسایەك پەرلەمان دەری بکات، دەرفەتی یەکسان هەموو کەس بۆی هەیە ببێتە خاوەنی زەوی، ئیش، پرۆژە، کۆمپانیا، هەموو ئەو

## بمزانیبایە دەتوانم وانە بڵێمەوە دەهاتمەوە کوردستان، بەلاَم ئەو زانکۆیانە بەهیچ مانایەك ئاستی ناوەندیان نیە

شەریکەیەكو دائیرەیەك دەتوانێ پارەکەی بەرێتو رۆژنامەی پێ دەربکات، بۆی وەسفی خۆی بکات، نابێ راگەیاندن لەژێر دەستی حیزب دابێت، نابێ حیزب دەسەلاَتی بەسەر ئابووریو کەرامەتو لەشی مرۆڤدا بێت، کە راگەیاندنی لەژێر دەست دابوو، واتە حیزب دەسەلاَتی بەسەر هۆشو عەقلیەتی میللەتدا کرد، کەواتە بووی بەکۆیلە، ئەو کەسە ناتوانێ لەژێر دەسەلاَتی حیزب دەربچێت، کەواتە ئازادی دروست نابێت، لەکۆنەوە هەموو بیرو بۆچوونو ڕێبازو نەخشەکانی مرۆڤ بۆ دوو شتن، یان بۆ ئازادکردنە یان بۆ کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ، ئەوەی لەکوردستان هەیە، هەموو بۆ کۆنترۆڵ کردنی مرۆڤە، پێنجەم مەسەلەی تایبەتی کە تیرۆریزمە، تەنها تیرۆریزمی کوشتنو برین نیە، ئەو شتەی بەرامبەر ئافرەت دەکرێت تیرۆریزمە، ئەو شتەی لەقەلاَدزێ وتم، راستە ئافرەت ئەوەندە بە پەلەمێزو بسوتێت، کەواتە پەلەمێز تیرۆرستە، بەلاَم ئەوە راست نیە، ئەو گرفتە ئەخلاقیانە گرفتی گەندەڵی سیاسیە، ئەوەی کەباسی ژن کوشتنت کرد بۆ لە ئەوروپا دەبێت، بەرای من لەقەلاَدزێ ژیاوم، خوێندکارو مامۆستا بووم، ماوەی(٢٠)ساڵ نەمبیستووە دوو ئافرەت لەقەلاَدزێ بکوژرێت، ئێمە ئازادیمان هەبووە، هەموو هاوینانو هەینی کچو کوڕ سەیرانێك هەبوو یان لە شێخ فەرخ لەو شوێنانە کچو کوڕ پێکەوە هەڵپەڕیوە، ئێمە مامۆستا بووین، لەگەڵ کچەکان چووینە دەرەوە، کەس قسەی پێ نەوتوون، ئەوەی کە لە عەشیرەتی مەنگوڕ، ئافرەت شانازی بەوەوە دەکات کە رەدوو کەوتووە(بە پێکەنینەوە) ئەمە نەریتی کوردەواریە، دورە لەعەقلی ئیسلامو عەرەبەوە، بەلاَم ئەوەی کە دروستبوو، ئەم کوشتو کوشتارە، هی ئەم شازدە ساڵەی ئەم دوو حیزبانەیە، بەراستی دوو سێ کەس ماون، لەنوسەران کە شەرەف مەندو خاوەنی راستن کاك شێرزاد حەسەن، لە نیشتمان نێت دا بەخەتێکی گەورە نوسیبووی، لەسەرەوە دەڵێ هیچ بەرپرسێکی کوردی، هیچ بەرپرسێکی حیزبی پارتیو یەکێتی ئافرەت دانامەزرێنن، تا سامانو بودجەیە هی میللەتە، من چەندین ساڵە لەدەرەوە لەناو حکومەتی بەریتانیام، بۆ نەتوانم ئیشی بچووك لەکوردستان ببینم، لەبەرئەوەی دەرفەتی یەکسان نیەو میللەتەکەمان زیاتر بەرەو دارمان دەڕوات، هەمووی لەوەوە دروست بووە، دەسەلاَتی حیزبی لەدامەزراندنو ئیشو ئابووریدا لەبودجەو پارەوەرگرتن دا هەیە، ئەمە ئەو گەندەڵیەی دروست کردووە، ئەمانە شتێکی قوڵن کەلەسەری بڕۆم، تاوەکو ئەمانە چارەسەر نەبن، ئەگەر تۆ بەسەربەخۆی ئیش دەکەیت، دەبێ بڕۆی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، تۆ چۆن هەموو ئابووری خۆت لەناودەبەیت، لە جیاتی شەریکات بهێنیت کە ئەمڕۆ دەبوو یاسایەکی مالی هەبووایە ئیعترافیان پێ بکردایە، شەریکات خۆی دەهات، بانقی جیهانی خۆی دەهات، ژێرخانی بانقی مالیت دەوێت بۆی سەرمایەگوزاریت بۆدروست بکرێت، ئەویش دروست نابێت، کە دەستورت نەبێت، کە قەزیەکەت نەبەیتە نەتەوە یەکگرتووەکان، بە پێچەوانەوە، دوژمنەکەت ئیعترافت پێ ناکاتو دەیەوێت بتسوتێنێت، رۆژنامەیەکی هەژاری وەکو هاولاَتی هەیە لەسالێکدا دوو سەرنوسەریان ئیستیقالە پێ کرد، لە خاوەنەکەیاندا بەراستی لەدەرەوە گەیشتۆتە ئاستێك سەبر ناکرێت، ئەمڕۆ یاسای نێو دەوڵەتی هەیە، سەفارات لەکوردستان هەیە، باوەڕبکە ئەوەی من دەیلێم سەدی ملیۆن لە ئەوروپا دەیزانن، ئەمریکا دەزانێ، با نەوەی تازە بێت حکومەتێکی تەکنۆکرات بێت ئەمە باشترین چارەسەرە، حکومەتێکی تەکنۆکرات هیچ ئەندامێکی حیزبیو مەکتەبی سیاسی تێدا نەبێت، هەموو ئەوانەی شارەزای ئابووریو کلتووریو سەربەخۆنو لەدەرەوەن، بێن ئەم حکومەتە بۆ ماوەیەکی کاتی دروست بکەن، تاکو کوردستان پلانو بەرنامەیەکی ستراتیژی نەخشەیی بۆ دابنێن، دێیەکان بژیەننەوە، ژێرخانی ڕێگاوبان دابنێن، ئابووری ناوخۆی دروست بکەنەوە، پرۆژە دابنێنو هەموو گەنجەکان بەکاربێنن، بەتایبەتی ئەمڕۆ دنیا بچووکە دەتوانی باشترین خیبرە لە ئەمریکاو یابان

بکرێت، یابانی خۆی دێت بە پارە پرۆژەی پێ دروست بکە، ئەمرۆ کوردستان ئەو توانایەی هەیە. کوردستان وەکو درەختێ دەبینم کە رەگەکەی هەڵکێشرابێت، رەگەکەی لەسەرەوەو لقەکانی لەژێرەوە بێ، بڵێی وەرە لە ژێری دانیشە، ئەو درەختە ئاو بدە، هەمووشتێك هەڵگەراوەتەوە حیزب چۆتە ناو هەموو شتێکەوە، لە رۆژنامەی ئاسۆ بلاْوبۆوە، ئەو سیاسەتەی کوردستان لەسەری دروست بووە، دزیو بێ ئەخلاقیە، ئەگەر ئەوەی لەکوردستان دەکرێت لێرە لەسەدی یەکی بکرایە وەکو مشکێکی پیس لە زینداندا دەڕزین، باوەڕبکە، ئەوا محاسەبەیان دەکراو ناویان بەهیچ شێوەیەك لە کولەکەی تەڕیشدا نەدەما، دەبوو لە زینداندا بڕزن، لێرە لەسەر(٥٠٠)دۆلار خەڵك دەگیرێت، بۆ(٥٠ )دۆلار خەڵك دەگیرێت، شازدە ساڵە کەس نازانێ، کێ دەیدا کێ دەیزانێ، ئەو هەموو ئابوریەی ئێمە دراوەتە دەست، تورکیاو ئێران". سەبارەت بە چوونە دەروەتانو ئاشنا بوونی مرۆڤی کورد بە کولتووری ئەوروپی گووتی"پەیوەندی بەو کەسەو توانای خۆیو تێگەیشتنی لەژیانو لەفەلسەفەی ژیان هەیە، لەمەڕ کلتووری ئەوروپا لەسیستەمی سیاسیو ئابووریو کۆمەلاْیەتی ئەوروپا بەراستی ئەوکاتەی هاتین زیاتر فکری سۆشیالیستیمان هەبوو، مەسەلەن من خۆم سۆشیالیزمم بە راست دەزانی بەرامبەر بە سەرمایەداری، بەلاْم کەهاتین سەیر دەکەین شتەکان جیاوازن، من وامدەزانی هەرکەس سۆشیالیست بێ دژی دەوەستن، بە پێچەوانەوە ئەوان لەزانکۆ هانت دەدەن ئەو هەموو سەرچاوانەی لێرە لەسەر مارکسو لینین هەیە، لەهیچ شوێنێکی دنیادا نیە، ئەوانەی شیوعین ئەوکتێبانەیان نەبینیوە، کەوا من بینیوومنو هەبوون، لێرە ولاْتێکی کراوە، چونکە سۆشیالیزم هەر شتێ کە حکومەت یان حیزبێ، مەکتەبی سیاسی یان کۆمەڵەیەك ویستیان سەیتەرە بکەن بۆ سەیتەرە بوو ئەساسێکی فاشلی تێدایە، بەلاْم هەرچەندە دەتبا بۆ دڕندایەتی بەلاْم لیبڕاڵی تێدایە، ئازادی مرۆڤ دەباتە ئەساسەکە، بەلاْم تۆ چۆن لێرە تێ دەگەیت، دەبێ تەنها لەکۆمەڵگەکەی تێ بگەیت زمانیان بزانیت، بخوێنیت لەگەڵیان تێکەڵ بیت، لەدەزگاکان تێکەڵ بیت، هەموو ئەو ولاْتانەی پێگەیشتوون، هەموو لێرە فکرەی ئەوروپیو مەدەنی، رۆشنبیری، ئەدەبی، هونەری، نوێخوازی ئەوروپیان بردۆتەوە بۆ ولاْتەکەی خۆیان، بەلاْم باوەڕبکە باسی حیزبەکان دەکەم عەقڵی شاخ دێنن، ئەو سیاسەتە هیچ نەزانی نەیخوێنی تێکەڵی خەڵك نەبی، لێرە کۆمەڵگایەکی کوردی هەیە بڕۆ بەرە برۆ تەکەتولات بکە، یان کۆمەڵگایەکی رۆشنبیری کوردی هەیە، یەکەم سەرۆكو بەرێوەبەری من بووم، کاری زۆر زۆر باشمان دەکرد، ئەو کاتەی کە سەیتەرەی حیزبی بەسەردا نەبوو، ئێستا دوای زیاتر لە بیست ساڵ لە دروست بوونی حیزبێك چووەو جەماعەتی خۆی بردووە، وەکو شەقاوە لەخەڵکیان داوە، یەك کۆمەڵەی رۆشنبیری هەیە کە دەیانەوێت سەربەخۆبن، نایەڵن سەربەخۆ بێت، لەبەر ئەوە میللەتێکی ئاوا چۆن پێش دەکەوێت، واتە دەیان توانی لێرە لەماوەی ئەو شازدە ساڵە(٥٠٠)کادیری وەکو دکتۆر بەرهەمو کاك هۆشیار زێباری دروست بکەن، ئەم دوانە رێزم بۆیان هەیەو توانایەکی تایبەتیان هەیە، لێرە پەروەردە بوونە، زۆربەی ئەوانەش کە دەڕۆنەوە جاهیلو فاشلن، لەبەرئەوە مەسەلەی کۆمەڵگای شارستانیەتی لێرەو لەوێ پەیوەندی هەیە بەو شتانەوە ئایا ولاْتێکت هەیە، دەستوورو یاساو دەرفەتی یەکسانی دروست بووبێتو چاودێری هەبێت، بەتایبەت راگەیاندنی رۆژنامەی سەربەخۆ زۆر گرنگە، بۆی خەڵك بتوانێ خۆی رێك بخات، حیزب کە ئەمە دروست بوو ئێمە دەتوانین، حکومەت دوور بێت لەکۆمەڵگای شارستانی بەلاْم دروست کردنی ئەوانەش پەیوەندی بە ئەوانەوە هەیە". سەبارەت بە نەفرەتکردنی لەئەوروپاو ئەخلاقیاتی سیستەمەکانی خۆرئاوا لەبەرامبەر گرتنی ئۆجەلانو تەسلیمکردنی بەتورکیا دکتۆر دەڵێت" ئەمانە دوو مەسەلەی لێك جیاوازن، ئەو هاوکاریەی لەنێوان(سی ئای ئەی)و موسادو موخابەراتی تورکی دابوو، هەر بۆ ئەوەبوو نوێنەری میللەتێکی بێ کەس بەو شێوە نا ئینسانیەو بێ ئەخلاقیە بگرن، ئێستاش لە کاتێك دا(پ ك ك) بەهەموو هێزی خۆی بەشێوەیەکی نهێنیش کە من ئاگادارم بەشێوەی ئاشکراش پەیوەندی بە ئەمریکاو ئەوروپاوە دەکات، دەڵێ بابە ئێمە ئامادەین چەك دابنێین، من خۆم ماوەیەك کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان چۆوە تورکیا تا رادەیەك ئیجابی بوو هەتا خۆیان ئامادەبوون بچنەوە بگیرێن برۆنەوە خەباتی سیاسی بکەن، بەلاْم تورکیا ئیهانەیان دەکات، بەهیچ شێوەیەك ئامادە نیە دان بەمافی کورددا بنێت، لەبەر ئەوە ئێستا ناوی ناوە (پ ك ك)تیرۆرستە، شتێکی بێ ئەخلاقیە لەلایەن ئەوروپاوە، چونکە لەسەر ئەساسی نا عەدالەت دروست بووە، لەسەر ئەساسی کورد میللەتێکی بێ کەسە، سوور دەزانن(پ ك ك)بچوکترین چارەسەری سیاسی هەبێت، ئەوان قازانج لەوە دەکەن، چونکە میللەت هۆشیار دەبێتەوە، ئەمرۆ لەو سەردەمە دەزانێ کورد لەوە دەرچووە کورد لەناوچێت،چونکە هۆشیاری سیاسیو قەومی لەرێگای نوسینو راگەیاندنەوەیە، ئەوەیە کە تورکیا رێگەی نە دەدا، ئێستا بەهۆی ئەنتەرنێتەوە بەهۆی سەتەلایتەوە کورد لەوە دەرچووە وەکو قەوم وەکو وشیاری نەتەوەیی پیاوی نەتەوەی بتوێتەوە، دەتوانن ئەوە ئیستغلال بکەن کە حەرەکەیەکی سیاسی بەهێز دروست بکەن، کورد بچێتە پەرلەمانی تورکیاوە دەوریان هەبێت، بەلاْم تورکیا رێگەی ئەوەش نادات، چونکە ئەوان ئەو عەقڵیەتە شوڤێنەیەیان بەکارهێناوە، ئەمە لەلایەکدا، لەلای دووەم مەسەلەی عبداللە ئۆجەلان مرۆڤێکە تاوانە بە رای من حوکمی بدەی. بزانە ئەو قیادانەی کورد راستن، عبداللرحمان قاسملو، شەرەفکەندی بۆچی کوژران، عبداللە ئۆجەلان گیرا، بەلاْم قیاداتی تر هەیە پاساپۆرتی هەموو جیهانی لە باخەڵدایە، مرۆڤ کە گیرا ئازادی لەدەست دەدات، بەرای من ئەو عبداللە ئۆجەلانەی پێش گرتنی نیە، چونکە دەتوانرێ دەرمانی بدرێتێ، دەرزی لێ بدرێت، دەتوانرێ زەختی دەروونی لێ بکرێت، لەبەر ئەوە من رەخنەم لە عبداللە ئۆجەلان نیە، رەخنەم لە قیادەی (پ ك ك)هەیەبە ئاشکراو بەنوسینیش رەخنەم لێ گرتوون، کە ئەوان بڵێن مادام ئینسانێك ئازاد نیە بیروڕای بەئازادی دەربڕێت، ئێمە نازانین ئەوەی لە سجن دەیڵێ راستە یان نا، ئێمە خۆمان وەکو قیادی بریار دەدەین قسەکانی ئۆجەلان یان بەرەئی وەردەگرین یان وەریناگرین، بە ئیعتبار وەریدەگرین بەلاْم وەکو بریار وەریناگرین، دەبوو ئەوانە ئەو ئازادیە بەخۆیان بدەن، کێ ئەزانێ دادوەرەکەی راست دەکا یان نا. عبداللە ئۆجەلان خۆی وتویەتی بەهیچ شێوەیەك ئەو ئازاد نەبووە، ئەوەی کە گوایە لەناو تەیارەدا وتویەتی دایکم تورکە، ئەمە شتێکی سەخیفە تۆ لەسەر وشەیەك مرۆڤێكو مێژوویەكو هەموو شتێك لەیەك رستەدا، وتوویەتی یان نا لە چ هەلومەرجێکی دژواردا وتویەتی، حوکم لەسەر ئەوە نادرێت، مرۆڤ شایانی ئەوەیە لە قسەکردندا هەڵەبکات بەلاْم تۆ دەبێت مقارەنەی کورد بکەیت پێشو پاش دروست بوونی (پ ك ك) بکات، باوەڕبکەن من خۆم لێرە قسەم لەگەڵ زۆر کوردی تورکیا کردووە، پێیان شەرم بووە بڵێن کورد، وەکو وشەی کرمانجو لادێیو دواکەوتو بەربەری تورکەکان ئەوەیان فێرکردوین، لەو زروفە سەختەی دەوڵەتێکدا کە دووەم دەوڵەتی ناتۆیە، گەورەترین جەیشی هەیە، فاشسترین دەوڵەت تورکە، چونکە جینۆسایدی هیتلەریش لە تورکەکانەوە فێربووە، ئەوان لەیەکەم جارەوە لە جینۆسایدی ئەرمەنەکانەوە دەستیان پێ کرد، شۆڤێنترین میللەت تورکە، من لێرە تەجرەبەم لەگەڵ هەیە، عەرەب وەکو مرۆڤ وەکو عونسرم نەبینیوە، بەلاْم تورك هەر لەوشەی کوردەوە عونسریە، لەئەساسەوە وایە، ئەویش خەتای خۆیان نیە، لەمنداڵیەوە وایان فێردەکەن، کە نەتەوەیەکی بەرزو دەسەلاْتدارنو لەهەموو میللەتان بەرزترن، بەلای تورك هەر کەسێ لە تورکیا بژیت تورکە، ئەو کەسە بەختەوەرە بەخۆی دەڵێت تورك، ئەو میللەتە بتوانێت لە ئەوروپا(١٠٠) هەزار کەس بێنێتە سەر جاددە".

# نامەیەك بۆ پلاتۆن

**(پێشكەشە بە پرۆفیسۆرم د.ناجی تكریتی)**

كات: ١٥ ی فێبرایری ٢٠٠٨ پاش دەركەوتنی عیسای كوڕی مەریەم كە ناسراوە بە "مەسیح".
شوێن: رانیە/ كوردستانی عێراق.

## بۆ رێزدار فەیلەسوفی هەمیشە نەمر پلاتۆن

لە دەستپێكدا دەمەوێ بڵێم. جێی شانازیو گەورەییمانە گەر خوێندنەوەی نامەكەم قبوڵ بفەرموون، ئەوەی راستی بێ لێتان ناشارمەوە كە، گەرچی هزرینی سەرەتاییم جیاوازە لە فەلسەفەی جەنابتان، سەرەڕای ئەمەش خوازیاری دەربڕینی رەزامەندیی جەنابتانم بۆ وەرگرتنم وەك فێرخوازێك لە ئەكادیمییەكەتاندا، بێگومان بەڵێنتان پێدەدەم بە ئەوپەڕی توانامەوە لەژێر سەركردایەتیی جەنابتاندا هەوڵی بەرزكردنەوەی ئاڵای هەقیقەت بدەم.
بەڵام سەرەتا گەورەم، ئەی كانی زانینی هەمیشەیی، رێگەم پێبدەن چەند تێبینییەك سەبارەت بە هەندێك هەڵوێستی بنەمایی جەنابتان دەربڕم، كە پەیوەست بەو بزووتنەوە هزرییەوە نیشانتان داوە كە لە سەردەمی ئێوە یان پێشتر سەریهەڵدابوو. گەورەم، گومانمان نییە كە جەنابتان تێدەگەن مەبەستمان لە رێبازی هزریی سۆفیستاییەكانە. ئێمە دەزانین كە جەنابتان فێری كردووین هەمیشە راستی دەربڕین، راستیش چەسپیوە و هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایەت، نە بە گۆڕانی شوێن و نە سەردەم، بەڵام هاوكات باوەڕدارین بە گوتەكانی فێرخوازی مەزنتان كە لە لایەن ئێوەی بەڕێزەوە نازناوی "ژیری" پێبەخشراوە. ئەو فێرخوازەتان دەبێژێ، "ئەو كەسە كە بییەوێ یان هەوڵی رووخاندنی فەلسەفە بدات، پێویستی بە فەلسەفاندنێكی نوێ هەیە". كەواتە لە پێناوی روخاندندا پێویستمان بە داهێنانێكی فەلسەفی نوێ هەیە. بم بەخشن گەر بوێریم كرد و بڵێم جەنابتان سۆفستاییتر بوون لە سۆفستاییەكان، هەروەك چۆن شێوازە هونەرییەكەی ئێوە لە داڕشتنی دیالۆگەكانتاندا دەردەكەوێت كە بە ئاشكرا لەژێر كاریگەریی فەیلەسوفێكی سۆفستاییدا بوو كە لە رێبازە رەچەڵكییەكەی خۆی هەڵگەڕابۆوە و هەقی ئەم كارەشی بە ژیانی خۆی دەدات و دەبێ بە یەكەم شەهیدی هزراندن.

## گەورەم ... پاڵپشتی هەمیشەیی فەلسەفە

لێتان ناشارمەوە، كە ئارەزومەندم بۆ ئیستغلالكردنی هزری فراوانتان، گەورەم سەردەمی ئێمە وەك سەردەمی ئێوە نییە، چونكە نزیكم لەوە كە بڕیار بدەم لەم سەردەمەی ئێمەدا خەریكە ناكۆكییە بەردەوامەكەی نێوان هۆش و ئەستوو بە سەركەوتنی ئەستو بكەوێتەوە، گەر ئەمەش ئاماژە بە لایەنێكی لۆژیكی بدات، ئەوا "هەتا رادەیەك" ئاماژەیەكە بۆ لۆژیكێتیی ئەو فەلسەفەیە كە جەخت لە حاڵەتی گۆڕان لەنێو بوون و مرۆڤدا دەكات، ئەمەیش برێتییە لە فەلسەفەی سۆفستایی، ئەوەش شارراوە نییە كە ئەوان بوون ئەندێشەی مرۆڤایەتییان لە فەزاوە بۆ نێو جیهانی سروشتی و كۆمەڵایەتی دابەزاند وەك هزر رێكیان خست، بە واتایەكی دیكە، هێنایانە نێو ئەو جیهانەوە كە ئێوە رووەو جیهانی ئیدێ بەرزتان كردەوە، بەڵی پنتی كۆتایی ئەوان دەبێ بە پنتی دەستپێكی بەڕێزتان. ئەوان مرۆڤ وەك سەنتەری بوون دادەنێن، وەك پێوەرێكی مۆرالی و سیاسی و ئێپێستیمۆلۆژی. دروستە كە ئێوە بە مەزنی خۆتانەوە ئەو حاڵەتەتان لە مرۆڤەوە پەڕاندەوە بۆ كایەی بڵندێنراوی سەرمەدی و وەك سەنتەر و پێوەری بوونی هەقیقی داتان نا.

گەورەم، ئێوە مرۆڤتان بە هەموو هەست و سۆز و بوونییەوە تێپەڕاند و وەك قوربانییەك پێشكەشی دەوڵەتەكەتان كرد، ئەو دەوڵەتە یوتۆپییایە كە بۆ بەدیهێنانی كۆششتان كرد و چەندین رێگەی جیاوازتان بۆ ئەو ئامانجە گرتە بەر. بەڵام بەڕێزم لێم توڕە مەبە و تكایە پێم مەبڕە، گەر ببێژم كە سۆفستاییەكان بەڕاستی دەستپێشخەر بوون لە توێژینەوەی فەلسەفی لەبارەی مۆرال و رەوانبێژی و خودی مرۆڤ.
گەورەم بە ئاسمان سوێندت دەدەم، ئایا ناشرینە گەر پیاوێك لە پێناوی فێركردنی چەند گەنجێكی خوازیاری سەروەریدا چەند دراخمایەكیان لێوەربگرێت؟ من ئەمە لە جەنابتان دەپرسم. ئایا جەنابتان دەتوانن مرۆڤ لەو دەڕندەیەی نێو ناخی خۆی رزگار بكەن؟ گەر وەڵامەكەتان پۆزەتیڤ بكەوێتەوە (بم بەخشن هەرگیز گومان لە توانای جەنابتان ناكەم)، ئەوا تكایە بفەرموون بۆ رزگاركردنی مرۆڤایەتی لە دڕندەییەكەی ناخی، كە رۆژانە دژی زیندەوەرەكان و جۆری هاوشێوەی خۆی مومارەسەی دەكات، تەنانەت سروشتیش لێی بەدەر نییە. بم بەخشن گەر كەمێك دەنگم بەرزكردبێتەوە.
گەورەم بە هەر حاڵ وای دەبینم، ئەوە بەسە بۆ پرۆتۆگۆراس و گۆرگیاسی رۆشنگەر، (گەر من تەنانەت لەم بڕیارەیشمدا هەڵە بم) كە دوو دیالۆگی جەنابتان ناوی ئەوانیان وەك ناونیشان هەڵگرتووە، دژایەتیی جەنابیشتان بۆ ئەوان مایەی گەورەیی و شانازییانە.
لە كۆتاییدا دەمەوێ سوپاس و رێزم ئاڕاستەی بەڕێزتان بخەمە روو، كە مەزنیتان نواند گوێبیستی تێڕوانینەكانم بن كە لەم نامەیەدا هاتوون، هەروەها خوازیارم گوێبیستی دەنگدانەوەی بڕیاری بەڕێزتان بم لە پێداچوونەوەی هەڵوێستتان بەرامبەر ئەم رۆشنگەرانە.

هەمیشەیین، هەر هەمیشەییش بن ...

واژۆ

موسلیم كاكەیی

**تێبینی:** ئەم نامەیە ئاڕاستەی پلاتۆن كراوە، كە ئەو بێگومان زیندووە، بەڵام هێندە نەبێ، تەنها ئەو لەیادی چووە هەناسە هەڵمژێ، ئێمە گومانمان لەوە نییە كە رۆژێك دێ یادبكاتەوە و هەناسە هەڵبمژێ، ئێمەش ئێستا چاوەڕوانی ئەو كاتە و هەڵوێستەكەی ئەوی مەزنین.



# گفتوگۆ لەگەڵ حەیدەر لەشکری دەربارەی قەیرانی رۆشەنبیری هاوچەرخ لەخوێندنەوەی زاتی کوردیی دا

**مامۆستا حەیدەر ناوێکی دیاری ناو بزاڤی رۆشنبیری‌و ناوەندی فیکری ئێمەیە، ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ مێژوو بوعدە سۆسیۆلۆژیەکەیدا هەیە، ناوی ئەو لایان ئاشنایە. لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە بۆتە مامۆستای زانکۆ ئێستاش مامۆستای بە شی مێژووی زانکۆی کۆیەیە. حەیدەر لە شکری خاوەن بڕوانامەی ماستەرەو خاوەن کتێبی کورد لە زانینی مێژوویی ئیسلامیدا – توێژینەوەیەکی شرۆڤەکاری رەخنەیی بە زمانی عەرەبییە. بۆ ئەم ژمارەیەی گۆڤاری زنار دیدیارێکمان لەگەڵ ئامادە کردووە سەبارەت بە قەیرانی رۆشنبیریی هاوچەرخ لە خوێندنەوەی زاتی کوردیدا.**

**بەشی یەکەم.**

زنار: با لەوێوە دەست پێبکەین، بەو حوکمەی تاکو ئێستا رۆشنبیری کوردی رۆشنبیرییەکی سەربەخۆ یان بڵێین تایبەتی نەبووە بە کوردو هەمیشە لەدەرەوەی رۆشنبیریی نەتەوەکانی دیکە نەیتوانیوە هەنگاو بنێت، واتە هەمیشە پشت بەستوو بووە بەو رۆشنبیریانەو لەوێوە مەوداکانی بیرکردنەوەی خۆی دیاریکردووەو قسەی لەسەر خۆی کردووە، پرسیارەکانی خۆی بەیان کردووە، ئەمەش وای لێکردووە ببێتە پاشکۆی رۆشنبیریی نەتەوەکانی دیکە، ئایا بەلای تۆوە ئەمە قەیرانێك نییە رۆشنبیری تێی کەوتبێت، کەوا بەم پاشکۆیەتییە بمێنێتەوە، ناکرێت ناوی بنێین قەیرانی رۆشنبیری.

حەیدەر لەشکری: ئەو پرسیارەی تۆ راستەوخۆ پەیوەندی بە رەسەنیەتی‌و نارەسەنییەتی رۆشنبیریەوە هەیە، ئایا رۆشنبیری کوردی رەسەنە یان نارەسەنە؟، خۆی رۆشنبیری لە ئاستە سەرەتاییەکەیدا بەشێکە لە کولتووری مرۆڤ، کاتێك کۆمەڵگەی



کـوردی کۆمەڵگەیـەکی مرۆڤانەیـە، حەتمەن خاوەنی رۆشنبیرییەکە، بەڵام رۆشنبیری خۆی بەرهەمی کۆبونەوەی رۆحی کۆمەڵایەتیانەیە، بەو مانایەی پێکەوەبوون رۆشنبیری دروست دەکات، ئەو ململانێیەش لە بەیەکەوەبوونەوە سەرچاوە دەگرێت فاکتەرێك دەبێت بۆ ئەوەی رۆشنبیری بە قۆناغی جیاجیادا تێپەڕێت، بەجۆرێك وەك دەرئەنجامێکی ململانێی تاکەکان لە ئاستی کۆمەڵایەتی، دواتر لەئاستەکانی تری وەك سیاسیو هزری ...هتد ، بەرهەمی ڕۆشنبیری زیادو فرەجۆر دەبێت، پاشان دەشێ بەپێی ئەوەی رۆشنبیرییەکی پێشکەوتووە یا دواکەوتووە پۆلێن بکرێت نەك ڕەسەنە یان ناڕەسەنە چونکە ڕۆشنبیری ناڕەسەن بوونی نیە، بۆیە دەشێ بگوترێت رۆشنبیری کوردی رۆشنبیرییەکی رەسەنە، بەڵام لەو ئاستەیدا کە کورد وەك مرۆڤ تەماشای دەکرێتو تیایدا کۆمەڵێك پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەیە کە وا لە مرۆڤەکان دەکات ئاستێکی رۆشنبیری بەرهەم بهێنن(لە ئاستێکی نزمدایە یان بەرز ئەمە بابەتێکی ترە)، ئەوەی من لە پرسیارەکەی تۆ تێگەیشتم ئەوەیە، بۆچی ئەو رۆشنبیرییە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بۆ نموونە بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەوانی تر، من پێموایە بۆ بینینی رەسەنایەتی رۆشنبیری کوردی خەسڵەتە تایبەتیو گشتگیرەکانی دەبێت بگەڕێینەوە سەر چەمکی "کورد بوون" خۆی وەك ئەو شوێنەی بوون کە ئەم ڕۆشنبیریە بەرهەم دێنێت، لە کوێدا تۆ کوردیت لەوێدا تۆ باسی ڕەسەنیەتی رۆشنبیری خۆت دەکەیت، بەڵام لێرە پێناسی خۆت بۆ کورد بوونی خۆت دەستنیشانی ئەو رۆشنبیرییە دەکات، ئەوەی من دەیبینم ئەوەیە پێناسەی ئێمە زۆرجار بۆ کوردبوونی خۆمان پەیوەستە بە ئەوانی ترەوە بۆیەشە ڕۆشنبیری کوردی خەسڵەتێکی هەیە کەمتر بۆتە جێگەی تێرامانو گفتوگۆ، ئەو خەسڵەتەش وەك من دەیبینم ئەوەیە: کاتێك ڕۆشنبیری کوردی لە مێژوویەکی نزیکیدا خۆی بەیان دەکات بەوە دەناسرێ کە ڕۆشنبیرییەکی گشتگیری تایبەتمەندە، لێرەوەیە تۆ کە پرسیار دەکەیت دەڵێی رۆشنبیری کوردی هەمیشە لەدەرەوەی رۆشنبیریی نەتەوەکانی دیکە نەیتوانیوە هەنگاو بنێت یان دەڵێی بۆتە پاشکۆی رۆشنبیریی نەتەوەکانی دیکە، ئەم بیرکردنەوەیە لەبینینی ئەو خەسڵەتەوە دێت.

زنار: ئەمە کاتێك تۆ وەك کورد قسەت لەسەر کوردبوون کرد، بەڵام کاتێك کە تۆ وەك کەسێك، شتێك، بیرکردنەوەیەك، یان خوێندنەوەیەك لە دەرەوە وەرتگرتووە، بە هەمان ئەوانە یان بەو سیستەمەی لەوێوە فێربوین، بێیت بەو شێوەیە لەسەر کوردبوون بدوێیت، یان کورد بخوێنیتەوە، یان کۆمەڵگەی کوردی، واتە کاتێك دەڵێم پاشکۆیە، مەبەستم ئەوەیە هەر هەمان ئەو خوێندنەوانەی لەسەر کۆمەڵگەیەك یان نەتەوەیەکی دیکە کراوە تۆ دەقاودەق ئەو خوێندەوەیە لەسەر ئێمە دووبارە بکەیتەوە، لێرەدا پاشکۆیەتی سەرهەڵدەدات، ئەمە لە هەموو ئاستەکانی قسەکردندا، دەبینیت کە قسە لەسەر دەسەڵات، سیاسەتو مەدەنییەت دەکرێ هەمان ئەو شتانە دەگوترێ کە لەناو رۆشنبیری نەتەوەیەکی دیکەدا گوتراون، ئیدی جیاوازییەکی وا بەدی ناکەیت لە نێوان رۆشنبیری ئێمەو ئەوانی دی بەتایبەت، بەبەراورد کردن لەگەڵ رۆشنبیری عەرەبیو فارسی.

حەیدەر لەشکری: کێشەکە لەوەدایە، کە گوتت ئێمە کوردینو خاوەن رۆشنبیری خۆمانین، تا ئێرە رستەیەکی دروستە، بەڵام کاتێك کە تۆ پێناسەی کوردبوونی خۆتت لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی ئەوانی تر، بۆنموونە گوتت، کورد بوون بریتی نییە لە عەرەب بوون، بریتی نییە لە فارس بوون، کەواتە رۆشنبیری کوردی بریتی نییە لە رۆشنبیری ئەوانە. لە راستیدا ئەوە قەیرانێکت لە پێناسکردنی رۆشنبیریدا بۆ دروست دەکات، دواجار پێناسکردنی خۆت وەك زاتێك، چونکە کە تۆ نەتتوانی شوناسی خۆتت هەبێتو لە دووی رۆشنبیری خۆت بگەڕێیت، بەدەر لە پەیوەندی ئەوانی ترەوە، ئەوە ناچار دەبیت بەدوای مۆدێلێکی تردا بڕۆیت، تا ئەو شتە سەیرو سەمەرەی پێی دەگوترێت رۆشنبیری لە لای عەرەب یان فارس یان نەتەوەکانی دی، لەلای تۆ چ مانایەك دەگەیەنێتو کە مانایەکی نەبوو بەو مۆدێلەی لەلای ئەوان هەیە، تا تۆ دێیت ئیقتیباس دەکەیت، کۆمەڵێك شت ئیقتیباس دەکەیت کە رەنگە لەگەڵ ئەو(بوون)ەی تۆ وەك کورد نەگونجێت. بە چ مانایەك باس لە هونەر دەکەیت، کەلەمێشکی تۆدا هونەری رۆژئاوایی وجودی هەیە؟ بە چ مانایەك باس لە شیعری کوردی یان جیهانبینی شاعیرێك دەکەیت، لە کاتێکدا تۆ خۆت داوەتە دەست جیهانبینی شاعیرێکی ترەوە؟ ئەگەر دەتەوێت بەدوای رەسەنێتی رۆشنبیریەکدا بگەڕێیت کە بشێت، بڵێین ئەوە شوناسی منە ئەوە دەبێت لەو وردەکارییانە بکۆڵیتەوە کە دەشێت رۆشنبیری تۆیان پێکهێنابێت. لە کوێدا بۆ نموونە کەسێك وەك(مەحوی) سەرهەڵدەدات، لە کۆمەڵگەی تۆدا، لە کوێدا کەسێکی وەکو شەرەفخانی بەدلیسی سەرهەڵدەدات، یانیش کەسانی تر، ئەمانە

**کاتێك کە تۆ پێناسەی کوردبوونی خۆتت لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی ئەوانی تر، بۆنموونە گوتت، کورد بوون بریتی نییە لە عەرەب بوون، بریتی نییە لە فارس بوون، کەواتە رۆشنبیری کوردی بریتی نییە لە رۆشنبیری ئەوانە. لە راستیدا ئەوە قەیرانێکت لە پێناسکردنی رۆشنبیریدا بۆ دروست دەکات**

دیاردەی فەردین، راستە تۆناتوانیت لەسەر بنەمای ئەوانە رۆشنبیرییەکی گەورە دروست بکەیت، بەڵام ئەو خاڵێکە بۆ ئەوەی بتوانیت لە رێگەی لێکۆڵینەوە لە زەمینەی سەرهەڵدانی ئەوانە، هەبوونی مەحوی هەبوونێکی کوردییە، کە هەبوونی ئەو کوردی بێت، لەگەڕان بەدوای ئەو کەسەدا تۆ دەتوانیت رۆشنبیرییەکی دروست دامەزرێنیت، بەڵام کەتۆ هاتی (مەحوی)ت لە قاڵبدا لە چوارچێوەی تێگەیشتن لە شاعیری بۆ نموونە وەك (موتەنەبی) لەعەرەبان یان (شیرازی) لە فارس دا، ئەوە غەدرێکی زۆرت لە رۆشنبیرییەکە کرد، بەپێچەوانەوە تۆ لێرەدا رۆشنبیری کوردی بەو ئاقارە دەبەیت کە ئاقاری لێکچواندنە، کاتێك چووە باری لێکچواندن ئیدی ناشێت باس لە رەسەنایەتی بکەیتو بەو جۆرەی کە ئیتر ئەوە بەشێکە لەتۆ ئەوەندەی باس لە رۆشنبیریی دەکەیت، وەك شتێك کە گشتگیر بێت، تێیدا تۆ هەڵاتوویت لەوەی کە پێناسی خۆت بکەیت، ئەمە لە هەژاری فیکرییەوە دێت، لە هەژاری فیکری تۆ لە خۆناسین، لەوەی بزانیت تۆ خۆت وەك "کورد" چیت، کەتۆ نەزانی، وەك "کورد" چیت، کە نەتزانی رەگەزەکانی رۆشنبیری تۆ چییە، ئیتر وەك باسمان لێوە کرد دەگەڕێی بۆ شتی تر، بەهانە دەهێنییەوە، پەنا بۆ بیرو بۆچوونی ئەوانی تر دەبەیت ئامرازەکانی ئەوانیتر بەکار دەهێنیت کە دەرەنجام هەموو ئەوانە راکردنە لەخۆت، کە من پێم وایە ئەمە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی رۆشنبیری ئێمە بەگشتی.

زنار: ئەم رۆشنبیرییەی ئێستا ئامادەیی هەیە زیاد لە هەموو شەپۆلە رۆشنبیریەکانی دیکە، قسەی کردووە لە هەمووشیان زیاتر قسەی لەسەر بووەو گوێگرو جەماوەریشی زیاترە، ئەمەش بەهۆی ئەو زمانەی قسەی پێدەکاتو ئەو سیستەمەی دیاردەو کێشەکانی پێ دەخوێنێتەوە خۆی لەوانی پێشوو جیا کردۆتەوە، ئەم رۆشنبیرییە لەگەڵ ئەمانەشدا خاڵی نەبووە لە کێشەو بێدەربەستی، بەتایبەت وەك تۆ باست کرد، ئەوخاڵەی مەحوی تێیدا دەردەکەوێت لەناو ئەو رۆشنبیرییەدا ونە، یان هەرگیز بەلای ئەوەدا نەرۆیشتووە بزانێت پرسی "کورد بوون" لای مەحوی چییە؟ یان مەحوی لە کوێدا کوردە؟ یان ئەو"کورد بوون"ـەی لای (مەحوی) هەیە چییە؟ ئەم رۆشنبیرییە پرسیاری لەخۆی وەك "کورد" نەکردووە بڵێن کورد چییە؟ کورد لەدنیادا مانای چییە؟ لەجیاتی ئەمە ئەم رۆشنبیرییە بۆ خوێندنەوەی کێشەکان هەمیشە خۆراکی خۆی لەدەرەوە لەناو رۆشنبیرییەکی دیکەدا وەرگرتووە، بۆیە نەیتوانیوە سیستەمێکی نوێی بیرکردنەوە بۆخۆی دامەزرێنێ، تا ئێستا خاوەنی تاکە "کتێب"ێکیش نییە، لێرەدا کێشەکە سەرهەڵدەداتو دەبێتە پاشکۆ، ئایا بۆ ئەوەی لەم قەیرانە رزگاری بێت دەبێ پەنا بۆچی ببات؟ یان ئایا ئەو شتانەی دەبێت بۆی بگەڕێتەوە لەناو کورد خۆیدان یان لەدەرەوەن.

**حەیدەر لەشکری:** رۆشنبیری نوێ بەگشتی لەسەر ئەساسی ئەو هەڵاتنەی کە باسم لێوە کرد دامەزراوە، کاتێك پێت وابێت کولتووری تۆ، تۆ نادۆزێتەوە، پێت وایە تۆ بالآتری لەو ئاستە کولتوورییەی کەتۆی تێدا ژیاوە، ئەمە جگە لەشەرعیەتدان بەهەڵاتن هیچی دیکە نەبووە، کە تێیدا تۆ بوویت بە بوونەوەرێکی نامۆ لە چوارچێوەیەکی نامۆدا پێویستیت بەوە هەبووە بەدوای مەرجەعییەتێکی دیکەدا بگەڕێیت بۆ پێناسەکردنی خۆت، نەك بۆ پێناسەکردنی ئەو ناوەندەی کەتۆی تێدا هەیە، یان با بڵێین رۆشنبیری کورد، ئەو کەسەی کە ئێستا دەشێ وەسفی رۆشنبیری بەسەردا بسەپێو وەك بەشێك لە رۆشنبیری کوردی باسی لێوە بکرێت، کەمتر لەنێو ئەو رۆشنبیریەدا سەری هەڵنەداوە، ئەوەندەی لە هەڵاتن لەو رۆشنبیرییەوە دەرکەوتووەو تەنانەت زۆرجار شوناسی خۆشی لەسەر ئەو هەڵاتنە بونیاد دەنێت، نەك لەپێناو گەڕانەوە بۆ ئەو رۆشنبیرییە، بەڵکو بۆ خۆدەرباز کردن لێی. بۆیە مەترسی ئەو رەوتە نوێیەی رۆشنبیری کوردی کەتۆ باست لێوە کرد لێرەدایە، بەر لەهەموو شتێك ئەوە ئەو شەپۆلی رۆشنبیرییەیەکە دەبێت قسەی زۆری لەسەر بکرێت، چونکە زۆر قسە دەکات، بەپێچەوانەی نەوەکانی پێشووی خۆی، نەوەکانی پێشوو لەراستیدا قسەکانیان دەستنیشانکراو بوون، بەڵام کە تۆ هەستت کرد ئەو کەسە هەستی هەبوونی دەسەڵاتی ئاخاوتنی لەلا هەیە، دەبێ بزانیت ئەوە کەسێکی مەترسیدارە، چونکە لە کۆندا لە زۆربەی زۆری کۆمەڵگاکاندا دەسەڵاتی ئاخاوتن قۆرخ کراوە بۆ کەسانێك کە دەسەڵاتدارنو حوکمڕانی دەکەن، کاتێکیش کەتۆ دەسەڵاتی ئاخاوتنت بۆخۆت قۆرخ کرد کەواتە بیر لە حوکمڕانی دەکەیتەوە. ئەو رۆشنبیرە کە ئێستا خاوەنی دەسەڵاتی ئاخاوتنەو رایکردووە لەو زەمینەی کە تێیدا هەیە، بەپێچەوانەوە وەك پەرچە کردارێکی ئەو زەمینە شوناسی خۆی دادەمەزرێنێتو پێناسی خۆی دەکات بەوەی کە بەدەر لەو زەمینەیە، بەدەر لەو تێگەیشتنەی بۆ ئەو رۆشنبیرییە هەیە، بە شێوەیەکی گشتی لە رۆشنبیری کوردی. کاتێك کەخۆی وا پێناسە کردو هەستی بەو دەسەڵاتە کرد، ئەوکات دووچاری ئەو قەیرانە دەبین، ئەو دەبێتە کەسێك کە بەدوای مۆدێلەکانی بیرکردنەوەدا دەگەڕێت،

رۆشنبیری نوێ بەگشتی لەسەر ئەساسی ئەو هەڵاتنەی کە باسم لێوە کرد دامەزراوە، کاتێك پێت وابێت کولتووری تۆ، تۆ نادۆزێتەوە، پێت وایە تۆ باڵاتری لەو ئاستە کولتوورییەی کەتۆی تێدا ژیاوە، ئەمە جگە لەشەرعیەتدان بەهەڵاتن هیچی دیکە نەبووە



جوانترین مۆدێل دەهێنێت بۆ ئەوەی پیشانی بدات، نەك بۆ ئەوەی لەمیانەی ئەو مۆدێلە كوردانە خۆی پێبگەیەنێت، كوردانە (مەبەستمان ڕۆشنبیری كوردییە) بەپێچەوانەوە ئەو هەوڵی داوە ئەو مۆدێلە وانیشان بدات كە تێیدا ئەو شوناسەی خۆی دیاری بكاتو شەرعییەتیش بەو مۆدێلە بدات.

زنار: ئێمە چۆن دەتوانین گوێ لەو بگرین، كاتێك ئەو وای لە ئێمە كرد كە ناكرێت ڕەسەن بین؟ ئیدی ئێمەش دوای مۆدێلەكانی ئەو دەكەوین. ئەمڕۆ بەشێوەیەكو سبەی بەشێوەیەك بیر دەكاتەوە، ئەمڕۆ عەرەبیانەو سبەی فەرەنسیانە بیردەكاتەوە، دوو سبەی ئەڵمانیانە بیر دەكاتەوە، ئەمڕۆ فۆكۆیە، سبەی هابرماسە.... هتد، چونكە ئیتر ئەو مرۆڤێكی مۆدێلخوازە لەبیركردنەوەدا، كە مۆدێلخوازبوو هەر هەڵسەنگاندنێكیشی بۆ ڕۆشنبیری خۆی هەبوو مۆدێلگەرایبانەیە.

**حەیدەر لەشكری:** ئەو ڕۆشنبیرییە نەیتوانی جۆرێك لە بالانس دروست بكات لەگەڵ كۆمەڵێك بیروبۆچوونی یونیوڤێرسالی لەگەڵ بیرە لۆكالیەكان كە دەشێت ئەوان گەشەی پێبدەن، ئەوان بەكۆمەڵ بڵێن ئێوە ئاوا بیرتان كردۆتەوە، بڵێن ئەوەیە وجودی تۆ، ئەوەیە وەهمی وجودی تۆ، ئەوەیە "كورد بوون"ی تۆ ئەوەشە وەهمی "كورد بوون"ی تۆو تۆ خۆت دۆزیوەتەوە لەنێو میللەتێكی تردا، پێی بڵێن بوونی تۆ لە جیهاندا ئاوایە، كە ڕۆشنبیر بەو جۆرە بیری نەكردەوە، تۆشی نەخستە نێو ئەو پرسیارە وجودیانە، ئەگەر ئەو لە گوتاری خۆیدا خۆی هەڵواسێ بە كۆمەڵێ پەتی تر كە دوورە لەو بیركردنەوەو ماهیەتی تۆ، لەو ڕاڕاییە وجودییەی كەتۆ پێویستیت بەوە هەیە وەڵامی بدەیتەوە، چ لە ئاستی میللی بێت یا لە ئاستی دەستەبژێر بێت، ئەگەر وەڵامێك بۆ ئەوە نەبوو ئیتر ئەو ڕۆشنبیرە خۆشی دەبێتە مۆدێلێك. كە بوو بە مۆدێل، ئیتر پرسیارەكان بەتاریكیو ناڕۆشنی دەمێننەوە وجودی تۆ، لە چواچێوەی خوێندنەوە جیاجیاكانداو لە ئاستی مەعریفیدا، ونـدەبێت. ئەوەشی لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆشنبیرە مۆدێلگەرایانەدا دەردەكەوێت، دەركەوتەیەكە لە وجودی تۆ كە لەڕاستیدا ماسكێكە بەدەوری "وجود" خۆیەوە، وەك ئەوەی گوتم تۆ لەبری ئەوەی "كورد بوون"ی خۆت دەربخەیت تۆ دەبیت بە"شتێك" كە تۆ نیت، شتێكیش هەیە كە هی تۆ نییە، بەڵكو خاوەنی خۆی هەیە، ئیدی بەماتی لەشوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە.خۆ دواجار بە "شت" كردن یەكێكە لەو قەیرانانەی فیكری جیددی بەدەستیەوە دەناڵێنێ. لە ڕاستیدا هەردوو ڕەگەزەكەی تێدایە، یەكەمییان ترسە لەونبوون لەنێو جیهاندا، جیهانێك كە مۆدێلێكی بیركردنەوە بەسەر تۆدا فەرز دەكات، تۆ دەبێت بەو شێوازە بیر بكەیتەوەو لە دنیا بڕوانیت جیهانبینی تۆ دەستنیشان بكات، كاتێكیش تۆ لە حاڵەتێكی نامۆییدایت لەگەڵ ڕۆشنبیرییەك كە لە ئاستێكی هەژاردایە، لەگەڵ ڕۆشنبیرییەك كە پێت وایە ناتوانێت پێناسی تۆ لەنێو ئەو جیهانەدا بكات. لە حاڵەتی ئاوادا حەتمەن ئەوە ترس لە ونبوون لە جێمان لە جیهاندا، كەوا لە تۆ دەكات بە ڕێگایەكی تردا بڕۆیت. ئەم ترسە وات لێدەكات تۆ بچێت بەدوای جیهانبینییەكی تردا بگەڕێیتو دووركەویتەوە لە حاڵەتی وجودی خۆت، ئەمە سەرباری ئەوەی لەبەر چی پەنای بۆ دەبەیت، ئەمە وەكو تۆ وتت لەبەر ئاسانی كاركردنو ئاسانی دروستكردنی شوناس لەوێدا. كە تۆ نەتوانی بەو جۆرە بیربكەیتەوە، كە بۆ نموونە "شەرەفخان" بیری كردۆتەوە، ئاسانترە بۆ تۆ كە مۆدیلێك بێنی لە ڕۆژئاوا، مۆدیلێك كە وەك خواردنێكی سەفەری ئامادەكراوە بە زۆر كەناڵدا تێپەڕیوەو دەگاتە تۆ. ئالێرەدا ڕۆشنبیر بەدوای دەسەڵاتدا دەگەڕێت، كاتێك ئەو مۆدێلە ساكارە ئامادەكراوە وەردەگرێت دەبێتە كەسێكی گفتوگۆكەرو كۆمەڵێ شتی هەیە بۆ خەڵكی باس دەكات، خەڵكەكەی تۆش گوێت لێدەگرێتو ئەویش دەسەڵاتی قسەكردنی هەیەو كۆنترۆڵی بیركردنەوەی خەڵك دەكات بە مۆدێلێك. تۆ كە نەتوانی لەوە تێبگەیت "شەرەفخان" كە میرێكی گەورەو حوكمڕانی میرنشینێكی گەورە دەكات، واز لە حكومڕانی دێنێتو دێت مێژووی كورد دەنووسێتەوە. نەتتوانی لەم حاڵەتە تێبگەین، كە كەسێك ئەوەندە دەسەڵاتدارەو واز لە دەسەڵات دێنێت لە پێناو نووسیندا، كە لەم حاڵەتە تێنەگەشتیتو قووڵبونەوە تیایدا (لەم حاڵەتە وجودیە)نەبووە، ئەو كات زۆر بە ئاسانی دەچێتە ناو مۆدێلێكی سادەو ساكار، مۆدێلێك كە زانینی دوو سێ وشەی ئینگلیزیو عەرەبی، خوێندنەوەی دوو سێ كتێبی بە زمانی فارسی تۆ دەكات بە ڕۆشنبیر. كاتێك كە ئەو زەمینە هەبێت تۆ ببیتە ڕۆشنبیر حەتمەن دەتوانی دەسەڵاتێكی ڕۆشنبیریت هەبێتو سەرباری ئەوەش شەرعیەت بەو دابڕانە خراپە دەدەیت كە لە نێوان تۆو كولتوری خۆتدا هەیە، كارێكی مەترسیدار تر دەكەیت. مەترسی ئەو جۆرە ڕۆشنبیرە لەوێوە دەست پێدەكات، كاتێك تەنها تموحی ئەوە نییە خۆی بدۆزێتەوە لە نێو مۆدیلێكی سادەو ساكار، بەڵكو تموحی ئەوەشی هەیە دەسەڵاتێكی ڕۆشنبیری بگرێتە دەست. ئەمەش لە ترسی خۆ نەدۆزینەوە لە كولتوورەكەی خۆیدا ترس دەكاتە شتێكی گشتیو خۆی دەكاتە قارەمانو واپیشاندەدات ئەوە هەر خۆیەتی نوێنەری ڕۆشنبیری كوردی لە كاتێكدا ئەو تەواو لە كولتوورو ڕۆشنبیری كوردی دووركەوتۆتەوە.

## مامۆستا ئەنوەر محەمەد

# من زۆرجار ئاماژە بــەوە وەكو دەزانن پەرەمێز تــ



**دیمانە: حەمە بێوار. هەولێر**

مامۆستا ئەنوەر محەمەد ئەندام سەركردایەتی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان، سەبارەت بە كۆمەڵێك پرسی تایبەت بە ئاین‌و شەرع‌و پەویەندی نێوان ژن‌و مێرد چەند پرسیارێكمان لێكردوو ئەو دیمانەی خوارەوەی لێكەوتەوە.

زنار: ئێستا لە كوردستان رێژەی كوشتنی ئافرەت بەناوی(ناموس پارێزی)لە زیادبووندایە، ئەم كوشتنەش زۆرجار بەناوی (دین)ەوە ئەنجامی دەدەن، دەمانەوێ بزانین ئایینی ئیسلام تا چەند لەگەڵ كوشتنی مرۆڤدایە بەتایبەت ئافرەتان لە ژێرناوی ناموس پارێزی.

# دەکەم کە ژن لە سێکسدا وەکو پەرامێز وایە
# ـا گەرم دەبێت پێویستی بە پەمپلێدان هەیە

ماموستا ئەنوەر: ئایینی ئیسلام بۆ هەموو قەزیەو رووداوێك كۆمەڵێك ئەحكامو زەوابتی خۆی بۆ داناوی، بۆ ئەوەی لە زاڵمو مەزلومیەت دوربكەویتەوەو روداوەكە مەجرایەكی دروستو یاسایی وەربگرێت. سەبارەت بە كوشتنی ئافرەتانیش، خۆی لەخۆیدا كوشتنی مرۆڤ تاوانێكی زۆر گەورەیە، ئەم تاوانە یەكێكە لەو تاوانە گەورانەی كە لە دوای تاوانی هاوەڵ پەیداكردن (شەريك)بۆخوا، دێت. واتە بە تاوانی دووەم دێت. تاوانی سێهەمیش مەسەلەی تاوانی زینایە. خۆتان دەزانن ئێمە ئێستاكە روبەرووی تەوژمی جیهانگەراییش بوینەتەوە، لەناو خۆشماندا كۆمەڵێك دابونەریتی كۆنو بەند هەن كە رێگرن لەوەی كوڕ یان كچ بەرێگای راستو درووست بە ئاواتەكانیان بگەن، ئەویش مەسەلەی پێكهێنانی خێزانە. لەوەشدا ئافرەت مافی خۆیەتی كە بیروڕای خۆی هەبێت، بە شێوەیەك كە ناموسو كەرامەتی پارێزراوبێت، نەك گاڵتەی پێبكرێت. مەسەلەی زیناش هەر لە زووەوە هەبووە، تا كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەبێت تاوانیش هەر دەبێت. بەڵام دەبێت لە رێگای دادگاو یاساوە تەبەنی بكرێت، نەك هەركەسەو سەربەخۆ هەستێت بە كوشتنی مرۆڤێكن جا بەهەر بیانوویەك بێت.. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لەو ژنانەی كە دەكوژرێن تەنها تۆمەتەو هیچی تر، گوایە پەیوەندی لەگەڵ فلانە كوڕدا هەیە ئەمەش دوورە لە راستیەوە. لە ئایینی ئیسلامدا سەبارەت بە زینا كۆمەڵێك كۆسپو حەسانە هەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ ناموسو كەرامەتی پارێزراوبێت. یەكێك لەوانە پێویستە چوار شاهێدی هەبێ، یان ژنەكە خۆی ئیعتراف بكات كە ئەو كارە خراپەی كردووە. تەنانەت ئەگەر سێ شاهیدیش بن ئەوا قبوڵ نییە یەكی دەبێ ( ٨٠)جەڵدەیان لێ بدرێتو تا قیامەتیش شەهادەیان لێ وەرناگیرێتەوە، لەبەر ئەوەی تەداخولی ناموسی ژنو پیاوێكیان كردووە. مەسەلەی كوشتنیش لە ئایینی ئیسلامدا جێگای نابێتەوەو رەتكراوەیە، لەسەردەمی پێغەمبەردا یەك حاڵەتی زینا رویداوە، ئەویش ژنەكە خۆی هاتە لای پێغەمبەرو گوتی " ئەم دووگیانیەم بەهۆی زیناوەیە"، پێغەمبەریش فەرمووی" بڕۆ ماڵەوە تا حەملەكە دادەنێیت دوایی وەرەوە"، دوای منداڵبوونەكە ژنەكە بە منداڵەكەوە هاتەلای پێغەمبەرو.. دیسانەوە پێغەمبەر فەرمووی " بڕۆوە ماڵێ تا ئەوكاتەی منداڵەكە فێری نان خواردن دەبێت" دوای دوو ساڵ ئینجا ژنەكە هاتەوەو لەسەر داوای خۆی بۆ پاكبوونەوە رەجم كراوە.

هەروەها لە ئایینی ئیسلامدا بەدگومانیو بوختانو جاسوسیكردن حەرامە، بۆ ئەوەی خەڵك توشی كێشەو كارەسات نەبێ، ئەمەش بەمانای نەمانی كەرامەتو غیرەتی پیاونییە كە هەمووشتێك واڵابكرێت، نەخێر هەم پێویستە پیاو خاوەن كەرامەتو شەخسیاتی خۆی بێت هەم ژنیش دەبێ شەخسیاتو كەرامەتی پارێزراوبێت. بۆ ئەمەش پێویستە سیستەم بەهێز بكەینو قانوون پەیڕەوبكرێتو سەروەربێت، ناكرێت پێشكەوتنو تەكنەلۆژیا لەپێش بێتو یاساكەش وەكو " پیاوی نەخۆش"لە دوابێت. ئێستا كەس نییە دیفاع لە ئافرەتان بكات. ژن هەیە حەوت ساڵ دەبێ پیاوەكەی چۆتە هەندەران، یان دەیان ژنمان هەیە پیاوەكەیان مردووە، سەدان كچ هەیە قەیرە بوون كەس نییە لە ژیانی ئەمانە بپرسێتەوە. دەیان ژن لەگەڵ مێردەكەی كێشەی هەیە، كاتێ دەچێتە دادگا بۆ تەڵاق دوو ساڵ دەخایەنێت، ئەگەر پیاوەكە دەستی بڕوات ئەوا ژنەكە هەر لە موعاناتدا دەژیت، لە ئیسلامدا شتی وانییە، ئیسلام دەفەموێ:ئەگەر چوار مانگ پیاو ژنەكەی بەجێ بێڵێتو سێكسی لەگەڵ نەكات، ژنەكە مافی ئەوەی هەیە لای قازی داوای جیابوونەوە بكاتو یەكسەر تەڵاقی بەتاڵ دەكات، ئێمە دەرگای هەمووشتێكمان خستۆتە سەرپشت بەلام دەرگای یاسامان بە زەحمەت كراوەیە.

زنار: لە راگەیاندنەكاندا زۆر باس لە وشیاری سێكسی دەكرێت، ئیسلام چۆن لەم چەمكە دەڕوانێتو تاچەند رێگە پێدراوە لە ئیسلامدا تاكەكان باس لە وشیاری سێكسی بكەن.

ماموستا ئەنوەر: ئەوەندەی ئیسلام بایەخی بەوشیاری سێكسی داوە هەتا ئێستاكە عەقڵو فەلسەفەی مرۆیی نەیگەیشتۆتێ. واتە راشكاوانە باسی لێوەدەكاتو وشیاری سێكسیش پەیوەستە بە هەموو ژنو پیاوێك هەیبێت، ئێمە چەندین فەرموودەی پێغەمبەرمان هەیە كە ئاماژە بە وشیاری سێكسی دەكات، كە دەفەموێ" ئێوەی پیاوان وەكو حەیوانان مەچنە لای ژنەكانتان"، چونكە پیاو وروژاندنی سێكسی بەهێزترو خێراترە لە ژن. من زۆرجار ئاماژە بەوە دەكەم كە ژن لە سێكسدا وەكو پەرامێز وایە، وەكو دەزانن پەرەمێز تا گەرم دەبێت پێویستی بە ئاگرو پەمپلێدان هەیە، بەڵام كە گەرم بوو زۆر بە زەحمەت سارد دەبێتەوە، بەڵام پیاو وەكو غاز وایە چەرخەكەی لێدەی گەرمو مەزبوت بووە. بۆیە پێغەمبەر دەفەرموێ" بەر لەوەی بچنە لای ژنەكانتان دیاریەكی بۆ بنێرن" مەبەستی لەوەیە كە پێشوو ماچی بكەن بۆ ئەوەی ئاگاداربێتو ئامادەبێت. هەروەها دەفەموێت" نابێ پیاو ئەنانی بێت، هەركە خۆی گەیشت بە ئۆرگازم یەكسەر ژنەكە وێڵ بكات"، نەخێر پێویستە ژنەكەش تێربكات. هەروەها زۆر بەوردی باس لە جوتبونو وشیاری سێكسی دەكات، ئێمە وشیاری دینو دنیاییشمان نییە، بۆیە تووشی ئەم كێشانە بووینەتەوە، پێویستە ئێمە وشیاریو رۆشنبیریی سێكسی دروووست بكەینەوە بۆ ئەوەی تووشی فەراغی سێكسی نەبین.

زنار: هەندێك لە ژنو مێردەكان پێشئەوەی جوت ببن، بۆ وروژاندنی سێكسی خۆیان پەنا بۆ سەیركردنی فیلمی سێكسی دەبەن. یاخود روویداوە هەندێك لە كوڕانو كچان پێش زەواج بەمەبەستی شارەزابوونو فێربوون سەیری ئەو فیلمانەیان كردووە، لە روانگەی ئیسلامەوە تاچەند ئەوكارە جائیزە.

ماموستا ئەنوەر: وەكو دەزانین ئێستا هۆكارەكان زۆربوونە، ئەم هۆكارانەش چ راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ كاریگەری هەیە لەسەر فیكرو غەریزەی سێكسی مرۆڤ.

**به بۆچوونی من زۆر تەبیعیو شەرعیشە کچ بڵێت ئەو کوڕەم دەوێت، لە کۆنیشدا شتي وابووە. خاتوو خەدیجە (د.خ)، بە دەستە خوشکێکیدا پەیامی بۆ پێغەمبەر ناردو گوتی" من دەمەوێ شوو بە محەمەد (د.خ)بکەم**

بەڵام ئەگەر لە رووی دەروونیەوە لێی بڕوانین، ئەوا کاریگەری سلبی زیاترە. بۆ نموونە کەسێك جارێك یان دوان تەماشای دەکات دواتر تەتبیقی دەکات، کە تەتبیقی کرد ئەم تامو چێژەی نامێنێ، ئەم فیلمانە زیاتر لە ئەوروپا رەواجیان هەیە چونکە لەوێ حەرام نییە، شتێك کە حەرام نەبوو مرۆڤ لەبەری دەبێزێ، لەوێ کوڕو کچ کێشەی زەواجیان نییەو هەرکاتێ بیانەوێ دەچنەلای یەکتری هەندێکجاریش پەنادەباتە بەر حەیوان. ئەوە حرامەکانن دەتوانن ژیان بەردەوام بکەن، حەرام یەعنی زەوابت دانان، لەرووی ئیسلامیشەوە تەماشاکردنی ئەو جۆرە فیلمانە حەرامە. حەرامەکەش لەبەر ئەوەیە کە کاریگەری سلبی لەسەر شعوری تاکەکان دەبێت بەتایبەتی بۆ کچو کوڕ حەرامترە.

زنار: ئێستا زۆرێك لە کۆمەڵناسانو دەروونناسان باس لە خۆشەویستی پێش زەواج دەکەن. ئیسلام چۆن لە خودی چەمکی خۆشەویستی بەتایبەت لەنێوان کوڕوکچێك پێش زەواج دەڕوانێ.

مامۆستا ئەنوەر: خۆشەویستی دوو رووی هەیە. خۆشەویستیەکمان هەیە: جنسی عاتفیە. خۆشەویستیەکیشمان هەیە عەقلیو مەنتقییە. ئەو خۆشەویستیەی کە بریتییە لە عەقڵو مەنتیق خۆشەویستیەکی زۆر باشە. بۆ کوڕ مافی هەڵبژاردنی کچێکی هەبێت بە کۆمەڵێك مواسەفاتەوە، ئەی بۆچی کچیش هەمان مافی نەبێت؟. کچیش مافی خۆیەتی بەدوای هاوسەری خۆیدا بگەڕێتو بە ویستی خۆی کوڕێك هەڵبژێرێت. من لەم باسەدا مەبستم لەوەیە کە خۆشەویستی سیفاتە، نەك خۆشەویستی زات. لەوانەیە خۆشەویستی زات وەکو پێویست نەبێت، بەڵام کۆمەڵێك سیفات هەیە کەوا دەکات زاتیشت خۆشبوێ.. واتە ئەو کۆمەڵە سیفاتانەت وادەکەن کەسەکەشت خۆشبوێ. خۆشەویستیەك کە بەبنەمای پاکیو پێکەوەنانی ژیانی هاوسەریو...هتد، بێت پەسەندە. بەڵام خۆشەویستیەك بریتیبێت لە شەهوەتو رابواردنو دەست پێگەرم کردنەوە، ئەوە بەراستی حەرامە. ئەوە جۆرێکە لە گاڵتەکردن بە کەسایەتی ژن، یان پیاو. ئەوانەی لە چرکەیکدا یەك یان دوان خۆشەویست دەگرن، یان بە تەلەفۆن دەبنە خۆشەویستی یەکتری، بەراستی ئەوە خۆشەویستی نییە، بەڵکو فەوزایەکە لە خۆشەویستی، تەنها مەرامی جنسیو شەهوانیتە، ئەمەش ناڕێكو حەرامە لە ئیسلامدا.

زنار: تا ئێستا وا باوبووە کە کوڕان خوابێنی کچ بکات، ئایا لە ئیسلامدا هیچ رێگریەك هەیە کە کچان خوازبێنی کوڕان بکەن.

مامۆستا ئەنوەر: کچو کوڕ واتە مرۆڤ، هیچ جیاوازیەك لەرووی شعورو هەستو جنسو...تاد، لەنێوان ژنو پیاودا نییە. مەسەلەی تەکوینی جنسی، ئافرەت ئیقبال دەکات پیاو ئیرسال دەکات، هەریەك مەبەستەو بەڵام بە شێوازی جیا. بە بۆچوونی من زۆر تەبیعیو شەرعیشە کچ بڵێت ئەو کوڕەم دەوێت، لە کۆنیشدا شتی وابووە. خاتوو خەدیجە(د.خ)، بە دەستە خوشکێکیدا پەیامی بۆ پێغەمبەر ناردو گوتی" من دەمەوێ شوو بە محەمەد(د.خ) بکەم"، ئەمەش هیچ عەیب نەبووە نابێت بە بەڵگەش، بەڵام کۆمەڵێك دابونەریت ئێمەی کۆتو بەندکردووە، ئەمەش نە پەیوەندی بە دینەوە هەیەو نە بە پێشکەوتنو مەدەنیەتیشەوە.

زنار: دیاردەیەکی تر کە هاتۆتە ناو خێزانی کوردی، ئەویش مەسەلەی سێکسی(کۆم)ە کە پیاو لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا مومارەسەی دەکات. هەندێك لە زانایانی ئیسلامی دەڵێن: حەرامەو هەندێکی تریش دەڵێن مەکروهە، هەشە دەڵێت، تەڵاقی پێ دەکەوێتن دەکرێ لەسەر ئەم بابەتە زانیاری زیاترمان لە رووی شەرعیەوە بدەیتێ.

مامۆستا ئەنوەر: خۆی کە هەر نەخۆشیەك بڵاوبۆوە، دەبێ بەدوای هۆکارو چارەسەرەکەیدا بگەڕێن، دەنا نەخۆشیەکە هەر بەردەوام دەبێت. ئەو مەسەلەیەی کە تۆ باسی دەکەی بەڕای کۆی زانایان حەرامەو مەجالی حەڵاڵو مەکروهەی تێدا نییە. ئەمە لادانی پێدەگوترێت هەروەها لە رووی تەندروستیو دەروونیشەوە زۆر خراپە ئێستا پیاو هەیە وایلێهاتووە تا لەرێگەی کۆمەوە سێکس نەکات زەوقی ناجولێت. من هۆکاری ئەو دیاردەیە دەگەڕێنمەوە بۆ چەند هۆیەك"یەکەم ئەوەیە کە فرە ژنی نییە، پیاو هەیە تەنها ژنێکی هەیەو ئەویش نەخۆش دەکەوێت، منداڵی دەبێت عادە دەبێت، جاری نیوەی عومری ژن هەر لە عادە دایە. ژن گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئێستا کچی وادەبینین خەریکە بۆی شێت دەبی، کە شوی کرد تەواو دەبی، هەشە هیچ بایەخ بەخۆی نادات و دەڵێ تەواو مێردی خۆم دەسکەوت وەکو کابرا دەڵێ" ئاخر بابی من ماڵی من کۆر کردەوە بۆوات لێهات لەرێی خوا". ئێستا ئەو مونافەسانە نییە، ژیان پێویستی بە گۆڕانو منافەسات هەیە. ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بایەخ بەخۆی نادات، رازیت یان نا هەر ئەوەیە، تەڵاقی دەدەیت زۆر عەیبە، تەڵاق لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆتە عەیبێکی زۆر گەورە، چونکە تەڵاق زۆر گرنگە **هەر کۆمەڵگەیەك تەڵاقی لێ زۆر بوو بەرەو تەندروستی دەڕوات**، چونکە



ئازادی هەیە ئەگەر تەلاق هەبوو. ئافرەتەكە دەڵێ.. با خۆم جوان بكەم نەكا تەڵاقم بدات، نە فرەژنیان هێشتۆتەوە تەڵاقەكەش بۆتە عەیبو عار بەسەرتەوە، ئەگەر ژن تەڵاق بدەیت گوایە ئاسمان رووخاوەو پیاوەكە لەو گۆڕە ماوەتەوە. دەڵێن جارێك خێزانی مەرحەبا دەڵێ: وەڵڵاهی پشتم دێشێت، وەلحاسڵ هۆكار زۆرن.

زنار: رەئی جیاوازیش هەیە لەسەر شێوازەكانی وروژاندنی سێكسی لەلایەن هەردوو رەگەز هەروەك لەم ماوەیەدا مامۆستایەك لە راگەیاندنەكان وروژاندی، ئیسلام یان شەرع چۆن باس لەم مەسەلەیە دەكات؟

مامۆستا ئەنوەر: هەرشتێك گەر ببێتە ئیسارەی جنسی، كە یەكێكیان ئەو شتەیە كە باسی دەكەیت زۆر تەبیعیە، چونكە غەریزەی جنسی مرۆڤ بەتایبەتی لە ئافرەتاندا دابەشكراوە. بۆیە دەڵێم رۆشنبیریی سێكسی نییە، چونكە هەندێك پیاو هەن نازانن چۆن لەگەڵ ژنەكانیان جنس بكەن. نزیكەی هەزار ساڵ پێش ئەمڕۆ ئیمامی (قرطبي) باسی ئەو مەسەلەیەی كردووە، باس لەوەدەكات كە ژنو پیاو بە مەرامی ئیسارەی جنسی دەتوانن ئەو كارە بكەن، بەڵام تاچەند ئەو كەسە تەبیعەتی دەیبات یان نا، ئەوە مەوزوعێكی ترە، بەڵام لە رووی شەرعیەوە مادامێكی دەبێتە هۆی ئیسارەی جنسی ئەوا دەتوانێت ئەو كارە بكات.

زنار: ئایا لە شەرعدا ژن دەتوانێت مێردەكەی تەڵاق بدات یان داوای جیابوونەوە بكات یان دەكرێ زیاتر مەسەلەی (خولع)زیاتر روون بكەیتەوە.

مامۆستا ئەنوەر: راستە تەڵاق زیاتر بەدەست پیاوەوەیە، بەڵام ئافرەتیش لێی مەحروم نەكراوە. لەكاتی (عقدالزواج)دا، ئافرەت دەتوانێ مەرجێ بگرێ كە تەڵاق بەدەست خۆیەوە بێت. ئەوە شەرعیەو قەولێكی سەحیحە. خولعیش مەسەلەیەكی شەرعیەو زۆر باشیشە كە پێی دەگوترێت (خۆ كڕینەوە). ئافرەت دەتوانێ لە بەرامبەر دەست هەڵگرتن لە مارەییو مافی خۆی یان بڕێك پارە خۆی لە مێردەكەی بكڕێتەوەو مێردەكەی دەست لێ هەڵگرِ بگرێت. تەڵاق شەرعیەو قازی دەتوانێ بڕیار لەسەر ئەو مەسەلانە بدات. هەرپیاوێك خەرجی ژنەكەی نەكێشێتو زوڵمی لێبكاتو نەچێتەسەر جێگەی، قازی دەتوانێ تەڵاقی بخات، بەبێ ئەوەی پیاوەكەش رازی بێت ئێمە ژنمان چاو بەستووە، كە گوایە عەبدو كۆیلەیە، ئەگەر نا ئافرەت دەتوانێ بە عەریزەیەكو شاهید بە پێی هۆكاری مەنتقی لە مێردەكەی جیابێتەوەو داوای تەڵاق بكات.

زنار: ئێستا بەرگەرمی باس لە زەواجی میسیار دەكرێ، ئەم جۆرە هاوسەرگیریە تاچەند شەرعیەو چارەسەرە بۆ كێشەی خێزانەكانو تایبەت بە ئافرەتان.

مامۆستا ئەنوەر: لە رووی شەرعەوە جائیزە ئافرەت ئەو حەقو مافەی كە هەیەتی بەسەر مێردەكەیەوە لەو مافانەی خۆشبێت. مەسەلەی میسیاریش هەروەكو (زەواجو نیكاح)كۆمەڵێك مەرجو شاهیدو رەزامەندی هەردوو لا (كوڕو كچ، ژنو پیاو)ی تێدابێت، جائیزە، بەڵام لێرەدا ژنەكە لە حەقی خەرجی كێشانی خۆی خۆشدەبێت، یان رازی دەبێت بەوەی پیاوەكە حەفتانە،یان....بێتەلای. بە بۆچوونی من میسیار بەو مەرجە شەرعیانەی كە باسمكرد جائیزەو شتێكی باشیشە، بە مەرجێك ئەركەكانی لێ بێتەجێ، باشترە لەوەی كە هەر نەبێتو دەرگای زیناو خراپە بكرێتەوە.

## هەرپیاوێك خەرجی ژنەكەی نەكێشێتو زوڵمی لێبكاتو نەچێتەسەر جێگەی قازی دەتوانێ تەڵاقی بخات



# دیاردەیەکی سەیر کە پێویستی بە بەدواداچوون هەیە

## زیادەڕەوی لە گۆڕی مردوەکانیشدا دەکرێت

لە دەڤەری بیتوێن دیاردەیەکی سەیر هەیە ئەویش لەکاتی مەراسیمی ناشتنی مردوودا هەندێك خەڵك بەتایبەت خەڵکانی عەشایەرو بەناو بانگو هەندێك لە هاولاتیان، لەکاتی مردنی کەسەکانیان، هەڵدەستن دەورەی ئەو قەبرە شورە بەند دەکەن‌و جێگەی چەندین قەبری تر لە زەویەکە داگیر دەکەن، ئەو دیاردەیەش بە زۆری لە گۆڕستانی گەورەی چوارقوڕنەو هەندێك شوێنی تری دەڤەری بیتوێن بەرچاوە. کاتێ برازایەکم لە هەشتکانی سەدەی رابردوو جوانەمەرگ بوو، برا گەورەکەم هەستا لەهەمان شوێن کە گۆری کوڕەکەیەتی جێگەی چەند قەبرێکی تری هێشتەوە بەو بیانوەی کە ئەگەر رۆژێك بێت‌و خوانەکردە ئەویش بمرێت ئەوا لەتەنیشت کوڕەکەی بێت، هەندەی نەبرد باوکم لە رووداوێکدا شەهید بوو ئەویشیان لە تەنیش ئەو بەخاك سپارد، تا ئێستاش جێگەی کەسێکی دی ماوەتەوەو هەندێکجار بۆ خۆشی کاتێ کە لێیدەپرسین ئەوە جێگەی کێیە کە ماوتەوە؟ دەڵێ" بەخوا جگە لەخۆم نابێ کەس لێرە بنێژرێت..! هەندێك خەڵك هەن ئەو کارە بۆ ئەوە دەکەن تا، رەچەڵك‌و خزمانیان لە جێگەیەکی دیاریکراو بێت‌و گۆڕەکانیان پەرش‌و بلاو نەبێت. هەندێکی تریش وەکو ئەو نموونەیەی سەرەوە بۆ ئەوە ئەو کارە ئەنجام دەدەن تا لە کەسە نزیکەکانی خۆیان نیزك بن.

لەهەندیك شوێن خەڵکی کە دەمرێت پارچەیەك زەوی بە پاناتیی قەبرێك دەکڕن جا بۆ ئەو کەسە یان خۆیان.. بەلام ئەوەی لە گۆڕستانی گەورەی چوارقوڕنە هەیە، خەڵکی سالانە پارە کۆدەکەنەوەو کێلە قەبرو تەنانەت ناشتن‌و قەبڕ هەڵکەندنیش بە خۆڕاییە بە زەویەکەوە، لەم ماوانەشدا خەڵکی هەستان بە

# بەڕێوەبەری ئەوقاف: لە شەرعدا وا واریدە تەنها یەک بست کێلی قەبر لە زەوی بێتە دەرەوە



بەڕێوەبەری ئەوقافی رانیه

کۆکردنەوەی پارەو ئامێرێکی هەڵکەندنی زەوییان بۆ گۆڕستانەکە کڕیوئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەشێکی لە ئەرکە قورسەکانی خەڵك لەکۆڵ بکەنەوەو چیتر پێویستیان بە پاچو خاکەناز نەبێت. کاتێ بە مەبەستای ئەنجامدانی ئەم ریپۆرتاژە رووەمکردە ناحیەی چوارقوڕنەو لە نزیکەوە سەردانی گۆڕستانکەیەم کرد سەرم سوڕما لەوەی شوێنی وا هەبوو بە فراوانی (١٠)مەتر زەوی داگیرکرابوو وەکو لە وێنەکەدا دەیبینن بەڵام تەنها یەك گۆڕی تێدا حەشاردرابوو، کە جگە لە شورای دیواری بەبلۆك هاوکات دەرگاشی بۆکرابوو بۆ ئەوەی ئاژەڵ نزیکی نەکەوێ، ئەمە لەکاتێکدایە کە چواردەوری گۆڕستانەکە بە تەواوی بە بە دیواری بلۆك گیراوەو مەجالی تێکچوونی گۆڕەکان نییە جا چ لە رێگەی تراکتۆرو ئۆتۆمبێلەوە بێت یان ئاژەڵەوە.

هاوڵاتیەکی دیش کە رای جیاوازی لەسەر ئەوە هەیەو پێی خۆش نەبوو ناوەکەی خۆی ئاشکرا بکات، لەسەر گۆڕێك راوەستابوو کاتێ وێنەی گۆڕەکانم دەکرد گوتی" کاکە ئەوانە گەر بۆ مردووەکانیان ئەوە بکەن، ئەی ئەگەر لە پۆستێکی حزبیو حکومیو بن دەبێ هەموو کەسو کارەکەیان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە". ئەم چیرۆکەم گەر بۆ هەر کەسێك دەگێڕایەوە دەیانگوت جوانترین قسەیە ئەمە بەراستی شتێکی جوانی گوتووە. لەناو گۆرشستانەکە توشم بە مامۆستایەکی بەڕێز بەناوی( م.عەلی) کە دیاربوو بۆ فاتیحا خوێندن لەسەر گۆڕی کەسێکی نزیکی هاتبوو، کاتێ کە بیرۆکەی ریپۆتاژەکەم بۆ باسکردو پێمگوت کە بۆ ئەم مەبەستە هاتوومەتە ئێرە، دیاربوو زۆری پێخۆشبوو، ئەویش پێی وابوو ئەو دیاردەیە شتێکی ناشیرینە، رای وابوو کە ناکری جیاوازی لەنێوان ئەو خەڵکانەدا هەبێت کە دەمرن، بۆیە هیوای دەخواست کە چی زووتره حکومەت رێوشویێنچك بۆ کۆتایی هێنان بەو دیاردەیە بگرێتە بەر.

هاوڕێ عەبدوڵا فەقێ.. کە دانیشتووی رانیەیەو کتێبخانەیەکی هەیەو رۆژنا خەڵکی خوێندەوارو چینو توێژەکان سەردانی دەکەن، بەتایبەت ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ خوێندنەوەو نووسینەهەیە، سەبارە بەو دیاردەیە دەڵێ" بەڵێ ئەو دیاردەیە زۆرباوە لێرە کاتێك کە کەسێك سەردانی گۆڕستان دەکات دەبینێت، بەراستی حەقی خۆیەتی خەڵکی چوارقوڕنە خۆیان هەست بەو مەسئولیەتەبکەن، چونکە زەوی ئێستا زۆرکەمەو با ئەوەندە زەویەشی کە بۆ گۆستان دابینکراوە با بەخەسار نەچێتو هیچ کەسێك بیر لەوە نەکاتەوە کە کەسێك دەمرێ زەوی زیادە داگیربکات، کە دەچیت بۆ گۆڕستان هەرکەسەو شورای بە دەوری گۆڕی مردوەکەیدا کردووە، ئەگەر وا بڕوات زەوی چوارقوڕنە دەبێت هەمووی بۆ گۆڕستان دابنرێت.ئەوەی جێگەی نیگەرانی خەڵکیە ئێستا داگیرکردنی زەویە لەناو گۆڕستانەکەدا کە داواکارین هیچی دی ئەم کارە نەکرێت. سەبارەت بە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەش عبدوڵا فەقێ دەڵێ" من پێمواە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەندێك خەڵك دەیانەوێ لەی تەنیشت خزمێکیان بنێژرێنو وەکو

## سەرۆكی شارەوانی

# "وادەزانن گەر خزمو كەسەكە لەیەكەوە نزیك بوون دیفاع لەیەكتری دەكەن"

شتێكی موقەدەس سەیردەكرێ، ئەوەش هیچ پەیوەندی بە دینو ئیمانەوە نییەو شەریعەتی ئیسلامیش لەوانەوە دوورە، منپێموایە هەمووخەڵك ئەو كارە ناكات، هەرچەندە ئەوە لەناو چەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی دیكە دەگۆڕێ، خەڵكی رۆشنبیریش بەراستی ئەو كارە ناكات، بۆیە هیواداریین ئەو دیاردەیەش لە شارەكەی ئێمە كۆتایی پێبێت.

محمد خدر كە دوكانی بەقاڵی هەیەو لەناو بازار ئەو دیاردەیە بە ناشیرین دەزانێ دەڵێ" بەداخەوە ئەم دیاردەیە زۆر زۆر ناشیرینە، كابرا ئەگەر مردمرد، چ جیاوازیەكی هەیە لە هەرشوێنێك بێت، مادام قەبرەستانە فەرقی چییە، بەداخەوە هەندێك كەس هەن كە یەكێكیان دەمرێ دەوروپشتی هەمووی دەكاتە شورە، بۆ ئەوەی پشتەكەی خۆی هەموویان لەوێ بنێژرێن. هێندەی نامەوە قەبرەستان تەواو بێتو هێندەی نامەوە زەوی خەلاس بێت، ئەگەر سەیری ناوەوەش دەكەی سەیر دەكەی دەیان شوێنی بۆش ماوتەوەو لەناوەڕاستدا كە دانراوە بۆ خزمو كەسو كاری مردوەكان حەقی خۆیەتی بەرپرسانی ئیداری رێگەو لەم دیاردەیە بگیرێ.

مامۆستا (غەریب ئەحمەد)كە بەڕێوەبەری ئەوقافی راپەڕینەو لەسەر ئەم دیاردەیە بۆمان دواو گوتی" بەڕاستی ئەو دیاردەیە بلای میللەتەكەمانەوە دیاردەیەمی نامۆو ناشیرنن، هەر لەوە دەرناچێ كە ئینسان كارێكی فاحیشی، یان دزیو قەتڵ، بكات بەڵكو دیاردەی نادرووست هەر بەتەنها ئەوانە ناگرێتەوە بەڵكو لە زۆ شتی دیكەدا خۆی دەبینێتەوە، یەكێك لەوانە كە ئێستا دەیبینین تەجاوەزی سەر مردووەكانمانە ئەمەش بیحورمەتی بە مردەوكان دەگەیەنێن بەڵام ئێم بەشێوەی جۆراوجۆر دێین ماكیاژی بۆ دەكەینو دێین قەفەز ویان بینای بۆ دەكەین، ئەوەش لە رووی شەرعیەوە ئەمە مخالیفی شەرعە، چونكە لە شەرعدا وا واریدە تەنها یەك بست كێلی قەبر لە زەوی بێتە دەرەوە نەك بەوە شێوەیەی ئێستا ئێمە دەیبینین، ئەوانەی كە چوونە حەج دەزانن كە گۆڕی سەحابەكان چۆنن ئەوشتانەیان نییە. بەڵام ئێستا كە دەبینین ئێستا كابرا بۆخۆی نەمردووە مەوقعێك بۆخۆی دیاریدەكات، من پێموایە میللەتە خۆی دەیەوێت گەندەڵی بۆخۆی دروست بكات، یان بەشێوەیەكی ناشیرین تەفسیر حاڵی خۆی پێبكات. شتێكە بە راستی هیچ حەق نییە، نە وەزارەتی ئەوقاف كۆكە لەسەر ئەوە، وە پێشموانییە شارەوانیش رازیبێت لەسەر ئەم جۆرە ئیشەیان، من وام پێباشبوو بەراستی كە ئەوقافو شارەوانیش بەیەكەوە بەشداری لە بنبڕكردنی ئەم جۆە ئیشەدا بكەن. هەروەها تەوجیهی وتاربێژەكانیش بكەین لە دەڤەری راپەڕینن كە چۆن دیاردەی كوشتنی ئافرەتان بە هەر بیانوویەكبێت، یان چۆن دیاردەی دزی بە شتێكی نامۆو نەخوازراو



ئەگەر زیادەڕۆیی بەمشێوەیە بەردەوام بێت، زە ویمان بۆ ناشتنی مردووەكانمان دەستناكەوێت